


# "یادداشتی عەتر و ئاگر" تێڕوانینێکی ئۆنتۆلۆجی بۆ پێوەندی کورد و کەرکووک

ئاوات محەمەد ئەمین
(کەرکووک)

### سەرەتا، لەبارەی شارەوە

لەگەڵ گەشەکردنی سامان و زیادبوونی پێداویستییەکان و فرە چەشنییان، دوای بەجێهێشتنی قۆناغی شوانکارەیی و خێوەتنشینی، نیشتەجێبوون وەک پێویستییەک بۆ بەردەوامبوون دێتە پێش و سەرەتاکانی دەرکەوتنی شار لەوێوە دەست پێ دەکات. سەرهەڵدانی پیشەگەری بۆ بەرهەمە کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەکان، دابەشبوونی کاری لێ دەکەوێتەوە، بەهەمان دیدگا و تێزی مارکسییانە بۆ ئەو قۆناغە نوێیە، چینێکی نوێ دەردەکەوێت کە خاوەنداری ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و بازرگانی و ئیدارەدان دەگرێتەدەست، سیستمێکی کۆمەڵایەتی نوێ لەسەر بنەمای ململانێی چینایەتی لەنێوان هەژار و دەوڵەمەنددا پەیدا دەبێت، یان وردتر بڵێین لەنێوان چینی خاوەن سەرمایە و کرێکاراندا، دەوڵەتیش وەک پارێزەری ئەو سیستمە نوێیە لەم ململانێ مێژووییەدا داکۆکی لە چینی باڵادەست دەکات، ئەم ژێرخانە ئابوورییە و سروشتی پێوەندی مرۆڤەکان بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە، لەسەر ئاستی سەرخان، ڕۆشنبیری و کولتوور، ئەخلاقیاتی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە، ململانێی نەتەوەیی لە بنەڕەتدا سیمایەکی ترسناکی ئەو دابەشبوونە چینایەتییەیە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو تێزانەی سەرەوەدا، قسە کردن لەسەر شارێکی وەک کەرکووک، وا دەخوازێت بەدیدگایەکی نوێ، خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ئەو ململانێ سیاسییە بکرێت کە لە سەد ساڵی ڕابوردوودا بووەتە ناوونیشان و خەسڵەتی سەرەکی ئەو شارە، یەکێک لە چەمکە ناواقیعییەکان بۆ ململانێ بریتییە لە ململانێ لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی شار. بۆ نموونە تورکمان پێی وایە ئەو شارە تورکمانییە بە پشتبەستن بە ئاماری ساڵی ١٩٥٧ کە تورکمان زۆرینەی دانیشتوانی ناو شاری کەرکووکیان پێک دەهێنا، لە کاتێکدا لەسەر ئاستی پارێزگا (لیوای کەرکووک) کورد زۆرینەی ڕەها بوو، هەڵبەت عەرەب و مەسیحییەکانیش بە پلەی سێیەم و چوارەم دەهاتن، ژمارەی دانیشتوانی شاری کەرکووک لەو ساڵەدا لە کۆی نزیکەی ٣٨٩ هەزار لە دانیشتوانی هەموو لیوای کەرکووک، نزیکەی ٢٢٢ هەزار کەس بوو، ئەمڕۆ لە ساڵی ٢٠١٩ دا دانیشتوانی شار زیاتر لە ٨٠٠

هەزار کەس دەبێت لە کۆی نزیکەی یەک ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس (بەگوێرەی ئاماری خەمڵێنراو لەلایەن دەزگا فەرمییەکانەوە)، بۆیە واقیعی دانیشتوان و دیمۆگرافی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، گەشەسەندن و فراوانبوونی شار لەسەر دوو فاکتەری سەرەکی وەستاوە کە بریتین لە کەڵەکەبوون و بەگەڕخستنی سەرمایە و هاتنی دەستی کار، بێ گومان دەرهێنانی نەوت و پیشەسازی دەرهاویشتەکانی و دامەزراندنی چەندان کارگەی جیاجیا دەبنە هاندەری کۆچکردنی دانیشتوانی دەوروبەر و شوێنەکانی تری پارێزگاکە بۆ ناو شاری کەرکووک و نیشتەجێبوون تێیدا و بەهەمان شێوە سەرمایەش دەگوێزرێتەوە، لە حاڵەتی کەرکووک، بەو پێیەی کورد زۆرینەی ڕەهای دەوروبەر پێکدەهێنن، بۆیە ئاساییە کە دیمۆگرافی شار گۆڕانی بەسەردا بێت. ترس لە بەکەمینەبوون و توانەوە، شەرعییەت بە هەر پێکهاتەیەکی ئیتنی، یان ئایینی دەدات کە گوتاری خۆی لەسەر بنەمای داکۆکیکردن لە ڕەسانەیەتی خۆی دابڕژێت و شار وەک بەشێک لە مێژووی خۆی بۆ نەوەکانی پێناسە بکات، لەمەوە جۆرێک لە ململانێی ئیتنی، یان نەتەوەیی بەرجەستە دەبێت کە دواتر لە بازنەیەکی گەورەتردا خۆی لە ململانێی سیاسی و بەریەککەوتنی خوێناویدا دەبینێتەوە، لێرەوە کارەسات و نەهامەتییەکان ئەو دەمەی دەست پێ دەکەن لە جیاتی جێبەجێکردنی سیاسەتێکی دروست لەسەر بنەمای جێگیرکردنی سیستمێک کە زامنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان و پاراستن و ڕێزگرتن لە ماف و تایبەتمەندی پێکهاتە و گرووپە جیاجیاکان بێت، کار بۆ سەرکوتکردن و دەرکردن، تەنانەت لەناوبردنی بەرانبەر بکرێت. کورد لە کەرکووک بەردەوام قوربانی ئەو سیاسەتە شۆڤێنییە بووە.

## ماڵباتێک لە کەرکووک گەواهی لەسەر مێژووی کورد دەدات

"مرۆڤەکان کە دێنە ئەم دنیایەوە لە شوێنێک دەبن کە سەرەتا، تەنانەت ناویشی نازانن و پێشتریش ئاشنای نەبوون، ئەگەرچی لە شوێنێکی نەناسراوی بێناودا گەورەدەبن و دەجوولێین، بەڵام دواتر پێی ئاشنادەبن و بە ماڵی خۆیان ناوی دەبەن و تێیدا ڕەگ دادەکوتن و خۆشەویستی خۆیانی ئاراستەدەکەن، کاتێکیش لێی دووردەکەونەوە ئاوازی ئەڤینی بۆ دەچڕن و عاشقانە شیعری پڕ لە تاسەی بۆ دەنووسن". بەو شێوەیە گاستۆن باشلار لە کتێبی "جوانییەکانی شوێن"دا باس لە پێوەندی فیزیکی و ڕوحی مرۆڤەکان دەکات لەگەڵ شوێندا.

ڕۆمانی "یادداشتی عەتر و ئاگر"(١) گێڕانەوەیەکی ئەدەبییە بۆ بەشێک لە مێژووی کەرکووک؛ وەبیرهێنانەوەی ئەو وێستگە خەمبارانەیە کە لە یادەوەری دەستەجەمعی مرۆڤی کورد لەو شارەدا بە زیندوویی ماونەتەوە، بەیان سەلمان لەم ڕۆمانەدا لە فەزایەکی خەیاڵ ئامێزدا گەشتێکی فیزیکی و ڕوحی دەخوڵقێنێت بۆ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی یەکەمین پێوەندی مرۆڤ و شوێن، گەڕانەوەی "داستان" بۆ کەرکووک پاش ساڵانێکی زۆر لە دابڕان و ژیان لە فەڕەنسا، لە شوێن و کۆمەڵگە و کولتووری تەواو جیاواز لەوەی خۆی.

هەروەک لە ناوونیشانی ڕۆمانەکەوە دەردەکەوێت، ئەم بەرهەمە ئەدەبییە دەکرێت وەک یادداشت بخوێنرێتەوە، ئەگەرچی لەڕووی داڕشتن و زمانی ئەدەبییەوە لەگەڵ گێڕانەوەی بیرەوەری ئاسایی لەیەکترەوە دوورن، بەڵام لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو بۆچوونەی کە ئەوەی خوێندمانەوە بەمانای وشە تۆمارکردنی یادەوەری بوو، یادەوەری کەسانێک لەچوارچێوەی ماڵباتێک، یان خێزانێک، لە شوێنێکی ئەم دنیایەدا کە پێی دەوترێت کەرکووک، کارەکتەری سەرەکی و لاوەکی لەم ڕۆمانەدا، نووسەر دیاری نەکردوون، بەڵکو ئەو پێوەندییە دیارییان دەکات کە لەنێوان خوێنەر و کەسانی ناو ڕۆمانەکەدا دروست دەبن، هەرچەندە بۆ ڕۆماننووس ئاسان نییە بەیەک نەفەس و یەک دووری لە کارەکتەرکانییەوە بوەستێت، بەو پێیەی دەرکەوتن و پێگەی هەریەکەیان لە هێڵی درامی ڕۆمانەکە و ئەو ڕووبەرەی لە دایەلۆگ و جووڵەدا داگیری دەکەن، ڕیزبەندییەکی هەرەمی لە زەینی خوێنەراندا دروست دەکات، لای من پرسیار لەسەر وردەکاری ژانری بەرهەمەکە نییە، بەڵکو لەسەر ڕاستی خوێندنەوەیەتی وەک یادداشتی شوێنێک لە بیرەوەری و خەیاڵ و جیهانبینی کەسانێکەوە کە تەعبیر لە ویژدانی نەتەوەیەک دەکەن بەناوی کوردەوە، لە شارێکدا کە نزیکەی سەدەیەکە لە جوغزی ململانێی سیاسیدایە لە نێوان

نەتەوە جیاوازەکاندا، ئەم نووسینە خوێندنەوەیەکی شیکارییە بۆ پرسی سەرەکی ناو ڕۆمانەکە کە باس لە بەشێکی گرنگ لە مێژووی ماڵباتێکی کورد دەکات لە شاری کەرکووک.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە، سێ برا لە خێزانێکی ناسراو و خاوەن پایەی کۆمەڵایەتی لە گوندێکی دوورەدەستی کوردستانەوە بەناوی (کەلکەسماق) بەرەو کەرکووک کۆچ دەکەن و لەو شارەدا نیشتەجێ دەبن، بەو پێیەی ئەوان لە باگراوندێکی جووتیاری، بەڵام لە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی خانەدانی ناسراوەوە هاتوون، لەیەک کاتدا نیشتەجێی گەڕەکێکی ناسراوی کەرکووک دەبن و لە هەمان کاتیشدا زەویوزاری کشتوکاڵی لە ناوچەکانی باشووری کەرکووک دەکڕن کە بە داهاتی موڵکانە سەرمایەگوزاری لە شاردا دەکەن، لە ڕێگەی کڕینی خانوو و دوکان و بەکرێدانەوە. تێکەڵبوون بە واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگەی شارنشین، دیدگا و جهانبینی براکان بەشێوەیەک دەگۆڕێت کە حاڵەتێک لە دابڕان لەگەڵ پێگەی ڕەسەنی خۆیان دروست دەکات لەڕێگەی تێکەڵبوون بە دنیای سیاسەت (لەناو هەردوو ڕەوتی کۆمۆنیستی و نەتەوەیی) و ئاوێتەبوون لەگەڵ واقیعی نوێی کۆمەڵایەتی شاری کەرکووک (مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەی فرە کولتووری و ئایینی و مەزهەبیدا).

بەهەمان شێوە نەوەی دووەمی ئەم ماڵباتە وەک دەرهاویشتەیەکی سروشتی ئەو واقیعە دەچنە بەر خوێندن و لە ئەنجامدا کەسانی ئەکادیمی و سیاسی و ئیدارییان لێ دەردەکەوێت و دەبنە بەشێک لە چینی گەشەکردووی ناوەڕاست، دیبەتێک کە تا ئەمڕۆش لەنێوان دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیری تورکمان و پێکهاتە سەرەکییەکانی تری شارەکەدا لەسەر ئاستی سیاسی ڕەنگدانەوەی هەبووە، بریتییە لەو گوتارەی کە دەڵێت کورد پێکهاتەی سەرەکی کەرکووک نەبوونە و لە سییەکانی سەدەی بیستەوە لە لادێیەکانەوە بەرەو کەرکووک کۆچیان کردووە و لە قەراغ شار نیشتەجێ بوون و بەشوێن هەلی کار و ژیاندا ئیشی کرێکاری و شاگردییان کردووە؛ لەکاتێکدا هێزی بزوێنەری ئابووری و بازاڕ و ئیدارە لە دەستی تورکمانەکاندا بووە، بەهەمان شێوە پێیان وایە عەرەبیش لە دوای پرۆژەی ئاودێری ناوچەکانی حەویجە و دەوروبەری لە دوای ساڵی ١٩٣٦ـەوە بەرەو کەرکووک هاتوون، لەشێوەی خێڵی کۆچەر و دواتر نیشتەجێ کراون، لە کاتێکدا دۆکیومێنتە مێژووییەکان (عوسمانی و ئینگلیزی) زۆر لەو بۆچوونانەیان بەدرۆ خستووەتەوە، بەڵام مێژووی هەندێک بنەماڵە و ڕەسەنایەتییان زیاتر جەخت لەو ڕاستییە دەکەنەوە کە کەرکووک ماڵبەندێکی پێکەوەژیانی نەتەوەیی بووە و کوردیش پێکهاتەیەکی ڕەسەن و دانەبڕاوی ئەو واقیعە بوونە، نموونەی ماڵباتی تاڵەبانی و بەرزنجە و سەید ئەحمەدی خانەقا هەیە.

ئەم ڕۆمانە لەدەوری بەشێک لە ماڵباتی شێخانی کەلکەسماق (کە هاوخوێنی ماڵی خانەقان) دەسووڕێتەوە، لە وێناکردنێکی ئەدەبیدا، بە گێڕانەوەیەکی هونەری خەیاڵئامێز و تەکنیکێکی درامی، بەیان سەلمان ڕووداوەکانی نزیک بە سەدەیەک لە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێو و شیرین و تاڵی کوردمان لە شاری کەرکووک بۆ باس دەکات، بەڕای من ئەم ڕۆمانە دەکرێت وەک نموونەی ئەدەبێکی واقیعیی هاوچەرخ پێناسە بکرێت، ئەو وێستگانەی لەسەریان ڕادەوەستێت و ئەو ڕووداوانەی وەک یادەوەری پێیاندا ڕەت دەبێت، هێشتا لە یادەوەری هەندێکماندا بە زیندوویی ماونەتەوە، ئێمە مێژووی براکان دەخوێنینەوە بە هەموو هارمۆنی و هاودژەکانیانەوە، بە دابەشبوونیان بەسەر شارنشین و لادێ نشیندا، بە هزر و ئینتیمای سیاسی جیاوازیانەوە (نەتەوەیی و شیوعی)، بە گەرموگوڕی تێکەڵی خێزانی و بە کێشە و ململانێ ناوخۆییەکانیانەوە، ماڵباتێک لەناو جەرگەی ڕووداوەکانەوە ململانێ لەگەڵ ژیان دەکەن، هێڵی درامی ڕۆمانەکە زۆر بە سروشتی لەگەڵ مێژووی ئەو ماڵباتەدا دەڕوات؛ لە سەرەتای نیشتەجێبوونیان لە کەرکووک و گەورەبوون و دابەشبوون بەسەر خێزانی زیاتر و گەرمەی تێکەڵبوونیان بە ڕووداوەکان تا پەرتەوازبوون و کەمبوونەوە (مانەوەی باجە و دەوڵەت و خوشکەکانی داستان لە ماڵە گەورەکە) لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکدا.

## نەوت، ئەو ئاگرەی بەربووە جەستەی کورد

لە ساڵی ١٩٢٧ و لەسەردەمی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیدا لە عێراق، یەکەم کردەی دەرهێنانی نەوت لە کەرکووک دەست پێ دەکات و ئەو

سالّه دەبێتە سەرەتایەک بۆ بیرکردنەوەی دەسەڵاتدارانی بەغدا بەئاراستەی زامنکردنی ئاییندەی پیشەسازی نەوت و داهاتی دەوڵەت لە فرۆشتنی ئەو سامانە نیشتمانییە، لەو ساڵەوە سەردەمی قۆناغێکی نوێ دەست پێ دەکات، سەردەمی زامنکردنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی دەوڵەت لە بەرانبەر مەترسی و هەڕەشەکان، دەسەڵاتدارانی ئەوسای عێراقیش لەو باوەڕەدابوون کە بوونی کورد لە پارێزگای کەرکووک بریتییە لە مەترسی سەرەکی لەو بوارەدا، بۆیە سیاسەتیان لەسەر ئەو بنەمایە داڕشت کە ئەو مەترسییە بڕەوێننەوە.

لەگەڵ کوودەتای دووەمی ئەفسەرەکان لە شوباتی ساڵی ١٩٦٣ بەسەر دەسەڵاتی (عەبدولکەریم قاسم)دا، ڕەوتێکی ناسیۆنالیستی شۆڤێنی ڕەگەزپەرست دەسەڵاتیان پاوان کرد. سەرەتای بەرنامەی پاکتاوکردنی ڕەگەزیی کورد لەسەر دەستی ئەمان چووە بواری جێبەجێکردنەوە، وەک هەنگاوی یەکەم، دەستیان بە زەوتکردنی گوند و زەوییە کشتوکاڵییەکان کرد کە خاوەندارییان بۆ کورد دەگەڕایەوە، بەو بەڵێنەی کە بۆیان قەرەبووبکەنەوە، بەتایبەتی لە ناوچەکانی باشوور و ڕۆژئاوای کەرکووک کە هاوسنووری ناوچە عەرەبنشینەکانن، جگە لە هێزی سەربازی، میلیشیایەکی تاوانکاریان بەناوی پاسەوانی نەتەوەیی (الحرس القومي) لە خێڵە عەرەبەکانی ناوچەکە و کەسانی پەیوەست بە ئایدیۆلۆژی ڕەگەزپەرستی بەعسەوە دروست کرد.

هەردوو برا (نەشئەت و نەسرەت) لە ئێوارەیەکی باراناویدا، شپرزە و خەمبار بەسواری ئەسپ خۆیان دەگەیەننە ماڵی (سەنعەت)ی برایان کە دەکاتە باوکی باجە. ئەو ئێوارەیە بۆخۆی ڕووداوێکی مێژووییە، یان ڕاستتر سەرەتای مێژوویەکی نوێیە لە بەسەرهاتی کارەسات و دەربەدەرکردنی کورد لە پارێزگای کەرکووک! هەردوو برای ماڵ و موڵک زەوتکراو، بڕیار دەدەن کە هەر لە نزیکی کەرکووک موڵک و زەویوزاری تر بکڕن، بەو شێوەیە نەشئەت لە گوندی کەوەڵە و نەسرەتیش لە قەیتول و مەملەحە موڵکداری دەکەن، سەرەڕای ئەو موڵکانەی لە گوندی کەلکەسماق بەدەستیانەوە مابوو. سێ براکەی تریان (سەنعەت و جەودەت و نیعمەت) هەر لە شار نیشتەجێبوون و بەکاری بازرگانی و موڵکداری خانوو و دوکانەوە خەریک بوون، ئاگری بیرەنەوتەکانی کەرکووک وەک لە ناوونیشانی ڕۆمانەکەدا دیارە، هەمیشە تەم و دووکەڵێکی بۆر و خەمناک بەسەر ئاسمانی شاردا پەخش دەکات، هەروەک چۆن باس لە بەشێکی ئەو نەهامەتییانە دەکات کە بەهۆی نەوتەوە لەسەر دەستی ڕژێمە عەرەبییە ڕەگەزپەرستەکانی عێراق بەسەر کوردی ئەو پارێزگایە هاتوون، ئەو ئێوارەیەی داستان و سپاردە لە سەربانی ماڵە گەورەکەی باجە پێکەوە دەبن و ڕاز و نیازی عاشقانە دەگۆڕنەوە، تەماشای گڕ و دووکەڵی ڕەشی چاڵە نەوتەکان دەکەن و وەک سەرچاوەی بەدبەختی لێی دەڕوانن کە ئەمەش ئاماژەیەکی پێشوەختەیە بۆ ئەوەی کە هەمان عەقلیەتی دوژمنکارانەی دەسەڵات و ململانێ لەسەر پاوانکردنی سامانی نەوت و دەبێتە هۆی لێکدابڕانی ئەو جووتە و دواتریش دەربەدەری داستان و کوژانەوەی ڕوحی گەشاوەی سپاردە"لەو ساتەش لە ناوەڕاستی ئەو سەربانەی بە سەکۆی شانۆیەکی گەورە دەچوو، وەستابوو، لەلایەکەوە خۆی و سپاردەی پێکەوە بینی، پاییزێکی وەکی ئا ئەمە بوو، ڕەنگی گەرم و کاڵ لە دیمەنی شار تێکەڵ بووبوون، تیشکی خۆرەکەش گۆڕابوو، ئارامتر دەینواند و بە سۆزتریش بوو... ئەوجا بەسەر دیوارێکیان قوڵیان شۆڕ دەکردەوە، یان بە دەوری سەربانەکە سەیری دوورتریان دەکرد. ڕاستترە بڵێین سەیری هیچیان نەدەکرد، مەگەر ئاگرەکەی نزیک باوەگوڕگوڕ! ئەمەش هەمیشە لەلای سپاردە، زەق، ناشیرین، گڕ و هیسی لێ بەرز دەبووەوە، دیمەنێکی غەمناک، لەلای مایەی خەیاڵێکی ڕەشپۆش بوو."ل ٥٢، ٥٣

## ماڵە گەورەکە، یان بازنەی کوردبوون و سیاسەت

لە ماڵە گەورەکەدا شانۆی ڕووداوەکان و خێزانی (سەنعەت و سۆیلە)ش کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەو شانۆنامەیەن، هەروەها بەحوکمی دەرکەوتن و ڕۆڵ بینین، دەتوانین بڵێین، کەسایەتی باجە (سۆفی)ی چەقی بەیەکتر گرێدان و ئەکتیڤ کردنی ڕووداو و بیرەوەرییەکانە لە گێڕانەوەیەکی درەنگ وەختدا لە کاتی گەڕانەوەی داستان لە هەندەرانەوە (فەڕەنسا) بۆ کەرکووک، هەموو چیرۆکەکان لە

ماڵە گەورەکەوە دەست پێ دەکەن و هەر لەوێشدا کۆتاییان پێ دێت. لەو شوێنەدا سەرەداوی هەموو ڕووداوەکان ئاراستەی جیاجیا وەردەگرن و هەر لەوێشدا دەگەنەوە یەکتر.

سەنعەت و سۆیلە خاوەنی چوار کوڕ (تەیموور، مەنسوور، سەفوەت و حیکمەت) و چوار کچن (سۆفی کە بە باجە ناسراوە، ڕفقە، پەروین و شەهێن). سەنعەت بە حوکمی ئەوەی کەسێکی خوێندەوار و لە ڕەوتی ڕووداوەکان و ململانێ سیاسییەکان بەئاگا بوو، هەمیشە لە دیوەخانی ماڵەکەدا کۆڕی گفتوگۆی سیاسی و قسەکردن لەسەر پێشهات و ڕووداوەکان گەرم بووە، بەتایبەتی ڕۆژانی هەینی کە هەموویان نانی نیوەڕۆیان دەبردە ئەوێ. ئەوەی مایەی سەرنجە، سەنعەتی باوک دەستی لە ئاراستەکردنی سیاسییانەی نەوەکانیدا نەبووە، بۆیە دەبینین کە هەر یەکێکیان پەیوەستە بە ڕەوتێکی سیاسی دیاریکراوەوە. تەیموور و مەنسوور هەردوو سەر بە ڕەوتی ناسیۆنالیستی کوردی بوون کە ئەو سەردەمە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕابەرایەتی دەکرد و بڕوای تەواویان بە خەباتی ڕەوای گەلی کورد هەبوو بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی لە عێراقدا، لەکاتێکدا تەیموور پشتگیری لە سەرکردایەتی بارزانی دەکرد کە بە مەلایی ناسرابوون، کەچی مەنسوور سەر بە باڵی مەکتەبی سیاسی بوو کە بە جەلالی ناوبانگیان دەرکردبوو، لەلایەکی تریشەوە حیکمەت وەک شیوعییەک داکۆکی لە خەباتی چینایەتی دەکرد و پێی وابوو دەکرێت لەگەڵ خەباتی نەتەوایەتیدا تەریب بێت، هەڵبەت هیچ کام لەو برایانە لە ڕێڕەوی تێکۆشان و کاری حزبیدا بێ زیان دەرنەچوون و چەندان جار تووشی ڕاوەدوونان و گرتن و دەرکردن لە کار و شوێنی خۆیان دەبوونەوە. لە نێو کچەکانیشدا تەنیا سۆفی (کە بە ناوی شاژنی تەختی نەمسا و مەجەرەوە ناونرابوو، ئەوەی لەگەڵ هاوسەرەکەی لە سەراییڤۆ لە ساڵی ١٩١٤ تیرۆرکرا)، بەڵام هەر بە باجە ناسرابوو، هەمیشە لەلایەن سەنعەتی باوکییەوە مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵدا دەکرا و لە کۆڕی دیوەخان و گفتوگۆی سیاسی و قسەکردن لەبارەی کێشەکانی ژیان و ڕووداوەکان زۆربەی جار ئامادەیی هەبوو.

ماڵە گەورەکە لەم ڕۆمانەدا وێنای فەزایەکی فراوانترمان نیشان دەدات لەوەی کە تەنیا خانوویەکی گەورە بێت، ماڵباتێکی ناسراو لە چەند خێزانێک کە هاوبەندی خوێن و خزمایەتی کۆیان دەکاتەوە لە شارێکی دەوڵەمەند بە کولتووری فرەیی لە نەتەوە و زمان و ئایین و مەزهەب و ئینتیمای سیاسیدا، لە هێڵی درامی ڕۆمانەکەدا ئێمە پێ بە پێ لەگەڵ کەسانی ئەو ماڵباتەدا ڕووداوەکان بەسەردەکەینەوە کە لە یادەوەری باجەدا تۆمارکراون و لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە پرسی سەرەکی بریتییە لەو پێشهات و کارەسات و مەترسییانەی کە بەهۆی کوردبوونی ئەم ماڵباتەوە لەو شارەدا دێنەپێش و ڕووبەڕوویان دەبنەوە. هەڵبەت مێژووی نیشتەجێبوونی کورد لە کەرکووک بۆ زۆر لە پێش هاتنی ئەو ماڵباتە دەگەڕێتەوە، بەڵام لێرەدا قسە لەسەر کاریگەری و کارتێکردنی فرەجەمسەری ڕووداوەکانە لەسەر واقیعی کورد لەو شارەدا، ژیان لە سێبەری سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و بەرنامەی سڕینەوەی ناسنامە و مێژووی کورد لەو شوێنەدا، بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو سیاسەتانە پێویست بە هۆشیاری سیاسی و تێگەیشتن لە پێشهاتەکان دەکات، دوای زیاتر لە هەشتا ساڵ لە بوونی ئەو ماڵباتە کە لێرەدا هێمایە بۆ بوونی نەوەکانی نەتەوەیەک لەو شارەدا، کۆتایی ئەو ڕژێمە سەرکوتکەرانە دەبینین لە ساڵی ٢٠٠٣ و مانەوەی ماڵە گەورەکە بە باجە و دەوڵەتەوە، دواجاریش گەڕانەوەی داستان و گەیشتن بە سپاردە، قووڵی و پتەوی ئەو ڕەگوڕیشانەمان بۆ دەسەلمێنێت کە ئەو کەسانە بەو خاکەوە گرێدراون کە زێدی نەوەی دووەم و سێیەمی ئەوانە و مەزاری مردووەکانیانە لە نەوەی یەکەم، هەروەک چۆن داستان ڕوو لە باجە دەکات و دەڵێت "(...) شتێک هەیە پێی دەڵێن بەردەوامبوون لە شوێن، دەکاتە ئەوەی کە من لە دەرەوەی وڵاتیش بم هەر ڕەگم بە ئێرە دەگاتەوە. ئەو بەردەوامبوونەی باسی دەکەم، وەک پەتێکە لەوێوە تاکو ئێرە، شوێنەکان بە یەکەوە گرێ دەدات، با ئەوەندەی ئاسمانیش لەیەک دوور بن."ل٤١.

## باجە هێمای ویژدانێکی زیندوو بۆ بیرەوەریی دەستەجەمعی

بەشی زۆری بەسەرهات و ڕووداوەکان لەسەر زاری (باج)ـەوە دەبیستین، ئەو لەناو بیرەوەری دەستەجەمعی خەڵکانێکەوە دێتەگۆ کە پێکهاتەیەکی سەرەکی

دانیشتوانی شارێکن هەمیشە ئاوسە بە ململانێ و دووبارەبوونەوەی چیرۆکە ناخۆشەکان. لەم ڕۆمانەدا باجە تەنیا حیکایەتخوانێک نییە، بەڵکو کارەکتەرێکی ئاکتیڤی ناو ڕووداوەکانە. لە کاتێکدا تەمەنی نزیکەی هەشتا ساڵە لەگەڵ وەڵامدانەوەی پرسیارە درەنگوەختەکانی داستاندا، تەواوی وێستگە گرنگەکانی ژیانی خێزانەکەیان و بیرەوەرییە تایبەتییەکانی خۆی دەگێڕێتەوە، لە سەرەتاکانەوە تا دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەک. ئەو کە هەموو ژیانی بە قەیرەیی بەسەربردووە و بۆ ڕۆژێکیش ئامادە نەبوو دەستبەرداری زێدی خۆی بێت، وەک زۆربەی ئەو ئافرەتانە تەنگژەی ئەو سەردەمە نەبووە کە دیلی کونجی ماڵ دەبوون، لە پەراوێزی کۆمەڵگەدا دەژیان، باجە دەستەبژێری باوکی بوو تا وەک گەورەکچێکی هۆشمەند و خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز لە ماڵە گەورەکە، یان ڕاستتر ماڵە باواندا، فاکتەری کۆکردنەوەی خێزانە گەورەکە بێت و لەهەمان کاتیشدا بە حوکمی ئەو ئازادی و کرانەوەیەی کە هەیبووە، هەمیشە دیوەخانەکەی قەرەباڵغ بوو بە سەردانیکەر و کۆبوونەوەی کەسانی جیاجیا لە پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، تەنانەت خاوەن دەسەڵاتیش، بەلای باجەوە، کۆبوونەوە لەگەڵ کچان و ژنانی سەردەمی خۆی گرنگترین ئەرک بوو کە جێبەجێی بکات ئەو کۆبوونەوانە بازنەی ڕۆشنبیری و هۆشیاری بوون بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت و پێگە و ڕۆڵی لە کۆمەڵگادا، باجە بەشێک بوو لە ڕایەڵەی پێوەندی نێوان شار و شاخ، بۆیە دەبینین کە هاوکار و ڕێنیشاندەری ئەو کەسانەیە، بەتایبەتی کچان کە لەژێر مەترسی و گوشاردا شار بەجێ دێڵن و ڕوودەکەنە شاخ تا بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە پەیوەست بن، پاراستنی کولتووری پێکەوەژیان و داکۆکیکردن لە ڕەسانەیەتی و هاوشاریی پێکهاتە سەرەکییەکانی کەرکووک لای باجە لەوەدا دەردەکەوێت کە پێوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی سەر بە نەتەوە و ئایین و مەزهەبی جیاجیا زۆر ئاساییە، بۆ نموونە لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستدا لەگەڵ باوک و دایکیدا سەردانی بەغدا دەکەن بۆچوونە ماڵی کەسێکی ناسیاوی جوو، دواتر لەدەست تاڵانچی و مەترسی کوشتن دەربازیان دەکەن و دەیانگەیەننە دەرەوەی وڵات. بازنەی دانیشتن و کۆبوونەوەکانی زۆرجار کچانی تورکمان و ئاشووری و ئەرمەنی تێدابوو، تەنانەت جارێکیان ژنی موتەسەڕیفی پارێزگا کە عەرەب بووە، سەردانی کردووە بۆ دیوەخانەکەی. ئەو فەزا سیاسییەی لە ماڵە گەورەکەدا فەراهەم بووبوو، بەشێوەیەک باجەی پێگەیاندبوو کە قبووڵکردنی واقیع و کولتووری فرەیی بەخۆڕسک فێربێت، بۆیە "باجە، دەستووری خۆی لە ماڵەکەدا وەها ڕادەگەیاند، کە کوردبوون و نیشتمانپەروەری پێویستیان بەوە نییە سەر بە هیچ کەسێک بیت "ل٣٥٢. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کوردبوون لای باجە دەرەنجامی بیروباوەڕێکی سیاسی دیاریکراو نییە، بەڵکو بەر لە هەر شتێک دۆزی کۆمەڵێک مرۆڤە کە بەر ستەمی مێژوو کەوتوون و لە نیگەرانییەکی بەردەوامدا دەژین سەبارەت بە ئێستا و ئاییندەیان.

لە کۆتاییدا دەڵێم "یادداشتی عەتر و ئاگر" ناکرێت وەک ڕۆمانێکی سیاسی بخوێنرێتەوە، بەهەمان شێوە نووسینەوەی مێژووش نییە، خودی نووسەر لە چاوپێکەوتنێکیدا جەخت لەوە دەکات کە "لە ڕۆمانەکانمدا، دیوێکی مێژووم نووسیوەتەوە، نەک هەموو مێژوو، تێڕامانم لە مێژوویەک، ڕوانگەم لە ئاستی ڕووداوی ئەو مێژووەدا هێناوەتەوە. مێژووی ڕاستی سەردەمێکم دەقاودەق زیندوو نەکردووەتەوە، وەک ڕۆماننووسێک، ئەمە ئیشی من نییە."(٢). لەو تێڕوانینەوە، ئەم ڕۆمانە هەوڵدانێکە بۆ ڕاستکردنەوەی دیدگایەکی هەڵە و وەڵامدانەوەی ڕاڤەکردنێکی چەواشەکارییانە بۆ قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی شارێک بەدرێژایی سەدەیەک لە هەڵکشان و داکشانی سیاسی و ململانێی نەتەوەیی و تەنگژەی کۆمەڵایەتی. دەرهێنانی نەوت لە کەرکووک و هاتنەسەر دەسەڵاتی ڕەوتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی ڕەگەزپەرست لە بەغدا، بوونی کوردی وەک نەتەوە لەو شارەدا خستە بەردەم مەترسی جیددییەوە، ئەو گرووپ و کەسانەش کە باسیان لەوە دەکرد کورد دانیشتوانی ڕەسەنی کەرکووک نەبوونە، بە ویست و نەویست هەمیشە ئاویان لە ئاشی دەسەڵاتی ڕەگەزپەرستی ستەمکار کردووە.

**پەراوێز:**

**١- بەیان سەلمان "یادداشتی عەتر و ئاگر" ڕۆمان، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٨.**

**٢- "لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، گێڕانەوە بەشێکی تەواوکەری گرنگی ژیانە" دیداری بەیان سەلمان، سازدانی شاخەوان سدیق بۆ کولتوور مەگەزین.**